# خاكمان پیرۆزەو ڕێز لە دڵسۆزان دەگریت

## وەڵامێك بۆ بەرێز(ئیرۆن عومەر)

هەلگورد زۆزك(تیری ئاگرین)
Azeen_2003@yahoo.com

قبولكردنی رەخنە بەگشتی،كارێكی قورسە! تاڵــە.!،كەم كەس توانای هەیە بە سینگێكی فراوان وبێ هەڵچوون وەری بگرێت(ئەمە لە رەخنەی راست ودروست،ئەگەر نا رەخنەی نا دروست هەر بڤەیە..!).
زۆر كەمن ئەوانەی بەرگەی پەلار بگرن ولە ئاست راستی بۆ چونەكانیان چۆك نەچەمێنن وبەشێوەیەكی رەوشت بەرز ودوور لە قسەی نابەجێ بەرگری لێ بكەن!.
ئەوجا ئەگەر ئەوانەی رەخنە قبول دەكەن كەمیینە بن،ئەوە ئەوانەی قبولی دەكەن وپاشان دان بە هەڵەكەیان دادەنێن زۆر كەمترن...!!
چونكە مرۆڤ بەردەوام ئارەزوی كەماڵە، حەزی لە تەواوی و بێ كەموكوریە،وادەزانێت هیچ كەموكوری نیە،هەر لەبەر ئەم بیركردنەوەشە،توشی هەڵە دەبین ولە ئەنجامیشدا كێشە دروست دەبێت،بەڵام ئەگەر دان بە هەڵەكانمان بنێین وهەوڵی چارەسەركردنی بدەین،ئەوە هیچ گیرو گرفتێك نامینێت..!.
منیش لە گەڵ قسەی زۆر لە ئێوەم دەربارەی ئەوەی كە هەندێك مەلا رەخنە قبول ناكەن،بەڵام جەخت دەكەمەوە،ئایا رەوایە ئەمە(تعمـــیم)بكەین لەسەر هەموویان!!،كەش وهەوای ئێمە،بارودۆخی ئێمە،مەینەت ومەرگەساتەكانی بەسەر ئێمە هاتووە،گەورەترین كاریگەرییان هەبووە بۆ سەر هزرو بیركردنەوەی ئێمە،لە(95٪)ی میللەتی ئێمە توانای قبولكردنی تەواوی رەخنەی نیە،زانایانی ئایینیش بەشێكن لەو میللەتە.
بەڵام كەسانێك وابیربكەنەوە كە(مەلایان وا پەروەردە كراون،كە نابێت كەس پیرۆزیەكانیان پێشێل بكات) ئەم لێكدانەوەیە هەڵەیە.
من دەپرسم....ئایا (مەلا)یان كێ پەروەردەی كردون !؟ وە ئایا بۆ چیش پەروەردە كراون..!؟
ئەو دایك وباوكانەی كورانی كوردستانیان پەروەردە كردووە،هەمان جۆری ئەو دایك وباوكانە بوینە كە(مەلا)یەكانیان پەروەردە كردوون.!
بەڵام بە جیاوازییێك......ئەویش پەروەردەی(مەلا) لە حوجرە سەربەرزەكانی كوردستان بووە! ئەو حوجرانەی بەردەوام هەوێنی دینداری ونیشتمان پەروەری بوونە!ئەو حوجرانەی دەتوانن(نـــاز) بەسەر هەموو قوتابخانەو زانكۆكان بكەن كە(سەردەمێك ئەوان تاكە تروسكایی ورووناكی بوونە وسەدان گوندو شاری ئەم كوردستانەیان رۆشەن كردووە،تاكە بنكە بوونە سەدان سەركردەو پاڵەوانی بەرهەم هێناوە...!.

مەلای کورد.....بۆ ئەوە پەروەردە کراوە،خزمەت بکات،خەبات بکات بۆ ئایین ونیشتمان، ماندوو ببێت وبێ نان وئاوو بێ جل ببێت،توشی سەدان کۆسپ وهەوراز ببێت،ئەزیەت وئەشکەنجە بدرێت........، بەڵام نەوەستێت لە خزمەتکردنی ئایین،وڵات،خەڵك،ماوەی کارکردنی شەوو رۆژە،پشوی نیە(خەڵك كە پشوو دەدات رۆژی هەینی،ئەو لە هەموو رۆژەکانی تر ماندو ترە)،خەڵك پەروەردە بکات،کێشەی خەڵك چارەسەر بکات،خێزان بۆ خەڵك دروست بکات.....هتد.

ئەمە کاری زانایان بووە(جا یەکێك لەمە لابدات وپێچەوانەی ئەم کارانە هەڵسوکەوت بکات،ئەوە نەك هەر زانا نیە،بەڵکو دژی ئایین وزانایانە!).

مەلای کورد......کە سەرتاپای ژیانی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی ئەم ئایین ووڵاتە چۆن بەراورد دەکرێت لە گەڵ کەسانێك کە هەر رۆژەو لە باوەش وسێبەری یەکێکن؟!

مەلای کورد....کە نانە رەقەی لە گەڵ میللەتەکەی کەرت دەکردو هاوغەم وهاو دەردیان بوو،چۆن بەراورد دەکرێت لە گەڵ کەسانێك ژیانی نەرم ونیانی بەهەشتیەکەی ئەوروپایان پێ باشترو ئەولا تر بوو...؟!

مەلای کورد.....کە بەشی هەر دەربەدەری وئاوارەیی بووە لە گەڵ میللەتەکەی ولەسەر میللەتەکەی،چۆن بەراورد دەکرێت لە گەڵ کەسانێك کە بێچگە لە ئاوارەیی هەندەران، غوربەت ودووره وڵاتیان نەدیووە..؟!

مەلای کورد....کە لە شاخ چەك لەسەر دەست و لەسەر دوانگەش گیان لەسەر دەست بووە لەسەردەمی رژێم،چۆن بەراوردی بکەین لەگەڵ کەسانێك کە سەرچۆپی گری رژێم بوون وئیمرۆش خۆیان بە دڵسۆزترین کەس نیشان دەدەن ولە کاتی نوسینیش گەر بێ رێزیێك نەنوێنن بەرامبەر خواو پیامبەرەکەی وزانایانی ئایینی،ئەوە دڵیان ئاو ناخواتەوە...!!

بەرێزانم.....ئەمە حەقیقەتێکە دەبێت هەمووومان بیزانین ولە زانینیشی خۆمان لانەدەین.!

هەرچی ملی دەگری خۆی پێ زانایە لە بوارێك.....من دەپرسم زانا کێیـە!!؟ ئاینێك کە هەزاران ساڵە کورد بە فرچك وەریگرتووەو هەردەم بەرگریشی لێ کردووە، کەسێك ڤیت بێتەوەو خەڵکی لێ دووربخاتەوە،ئایا ئەمە زانایە..!؟

کەسانێك هیچ حیساب بۆ هەستی ٪97خەڵکی کوردستان نەکەن وبەبێ پەردەوبێ شەرمانە بێ رێزی بەرامبەرهەموو پیرۆزیەکانیان بکەن لە نوسین وکۆرو ڤسەکانیان،ئایا ئەمانە زاناو چاو ساغ و(مجــــــــدد)ەکانن...!!؟

زانا ئەو کەسەیە خوا بناسێت...!وخزمەتی خاك وخەڵکی خۆی بکات.نەك بەو زانینە ماف پێشێل بکاو خەڵك لێك بکات.

من پەیوەندیم بەوەوە نیە مەلای کورد چی کردووە ،لەلای من گرنك ئەوەیە ئێستا چی دەکات....!

*لەکاتی لەشکر کێشی تورکیا بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان،مەلایان یەکەمین کەس بوون لە میانەی وتارەکانیان خەڵکیان هاندا بۆ مەترسی و نەهامەتیەکانی ئەم لەشکرکێشیەو بەکرداریش لە رێزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوون.

*لەکاتی هەڵبژاردن،کە نەوەعدو بەڵێنی بەرپرسان کاریگەریان هەبوو،نە نوسینی هەندێ نوسەران دەخوێندرایەوە(چونکە بەشی هەرە زۆری خەڵك نەخوێندەوار بوون)،هەتا هەندێکیان زۆر دڵتەنگ بوون پێی!!

ئە لەو رۆژە بە شاهیدی دۆست و دوژمن،رۆژی(مەلا)یان بوو،زانایانی ئایینی گەورەترین کاریگەرییان هەبوو، بۆ هاندانی خەڵك ولەبەر (مەلا)یان نەبوایە،زۆربەی خەڵك دەنگیان نەدەدا!!

ئەمەو چەندان نمونەی تر..........!

دەی کەواتە.........بۆ هەوڵ بدرێت مێشکی خەڵك بشورێتەوە لە شتێك کە میللەتی کورد هەر لە سەرەتاوە هۆگری بووەو سودیشی لێ وەرگرتوە!

بۆ خزمەتی زانایانی ئایینی لە رابردوو ئێستا،فەرامۆش بکرێت وپشت گوێ بخرێت.!!

کاك (ئیرۆن عومەر)باسی هەیمەنەی مەلا دەکات،گوایە دەستی بەسەر هەموو شتێك گرتووە..!، گەر وایە،من دەڵێم

ئافەرین مەلای کورد،دیارە زانایە،کوردپەروەرە،شۆرشگێرە،خۆنەویستە،گەرنا چۆن توانای دەبو هەیمەنە بکات،خزمەتی کردووە بۆیە رێزی لێ دەگرن.!،لەرۆژانی تەنگانە ولاتی جێ نەهێشتووە.!.

بەڵام حەز دەکەم شتێك بزانیت کاك (ئیرۆن) دوو جۆرە کەس دەتوانیت هەیمەنە بکات:1-ئەوەی خاوەن هێز بێت.2-ئەوەی خزمەتکارو گیان فیدا بێت،جەنابیشت باش دەزانیت مەلایان لە چینی دووەمن، بەڵام ئەم خزمەتەش هێزێکە کە بە سەدان رەشەبا ناکوژێتەوە..!.

بازرگانان(ئەوانەی بازرگانی بە هەست وبیری میللەت دەکەن)ناتوانن تا سەر هەیمەنە بکەن...!!

خاکی ئێمە پیرۆزەو رێزیش هەر لەکەسانی دڵسۆزو خەمخۆر دەگریت و هەر ئەوانیش دەتوانن تاسەر هەیمەنە بکەن.

بەرێزم.... ولاتمان پێویستی بەیەکریزی وتەبایی هەیە،بۆ سەرکەوتنی بەسەر تەنکژەکانی بەردەمی،بۆ هەولی پەرتەوازی ودووبەرەکی دەدەن.!.

بەڵام من ناحەقی جەنابت ناگرم،دەشێت ئاگات لەماندوبوون وهەڵوێستی مەلایان نەبوبێت،بەڵام کەسانێك کە پەروەردەی دەستی مەلایان بن وقسەی لەو جۆرە بکەن ئەمە جێگای داخە...! ئەوان رێ خۆشکەر بن بۆ کەسانی تر ئەمە مەینەتیە..!.

لە وتە راست وحەقەکانت هاورام لەگەڵت،بەڵام لە(شەتەحات)ەکانی تر،دەڵێم ئەسپتان تاوبدەن ودرێغی نەکەن

زۆر  کەس هەولی وداوئەوەی لە توانای هەبوو درێغی نەکرد ،بەڵام سەرەنجامیان ،هەر دۆراوی وشەرمەزاری بوو..!

چونکە وەکو وتم:خاکمان پیرۆزەو تەنها رێز لە خەمخۆرو دڵسۆزان دەگریت..!.